# لەپەراوێزی شەهید فوئادا ، کوردستان دۆزەخی هەژارانە و بەهەشتی بەرپرسانە

قادر نادر



ئەوەی لە ئاینە ئاسمانیەکان باس دەکرێت  کە بەهەشت ودۆزەخ هەیە ئێستا  لە کوردستان بەئاشکرا  پیادە دەکرێت  . کەخەڵکانێک لە 15 ساڵی ڕابردودا  خراپترین ژیان گوزەر دەکەن لە  نەبونی پێداویستیە هەرە سەرەتایەکانی ژیان وە ک ئاو ، کارەبا ، سوتەمەنی ، خوێندن ........، لەم لاشەوە شاری دزەکان لەهەولێر  و  گەرەکی مەلعوناوە لە سلێمانی بنیاتدەنرێت .

15 سال ڕاکردنە بەدوای  نانێکی گەرم و نەرم ، برێک نەوت لەم زستانە ساردانەی کوردستان ، روناکیەک لەنێوان یەک خێزاندا  تا شەوان یەکتر بناسنەوە یان  منداڵان وانە یەک  بخوێنن و یاریەک بکەن  یان تێر باوک و منداڵێک یەکتر لەباوەش بکەن . ڕەنگ بێت گەورەترین  سۆز و باوەش باوک و دایکێک  بۆ منداڵێک  لە شەوانی کوردستاندا ئەوەندە بۆ دەربرینی خۆشی و خۆشەویستی  نەبێت بەئاستی ئەوەی ببێتە ئەو سۆپایەی کە خێزانێک لەکوردستان لەچواردەوری دەخولێنەوە تا هەریەکەی کەمێک گەرمیان بەر بکەوێت .

لەم لاشەوە بەرپرسانی پرۆلیتاریای دوێنێ و ئەو  قسە زلانەی تارۆژگاری ئیمرۆش  لەرەوانبێژی بۆ خۆشەویستی نیشتمان یەکەمن   ،  کەچی لە بواری پراکتیزە کردندا سەرمایەدار وبێ ویژدانن ، چونکە خۆیان و ماڵ و منداڵیان وەک سوڵتانەکانی عوسمانی  ژیان بەسەردەبەن .

کاتێک لە ڕۆژنامەی ئاوێنە چیرۆکی شەهید بونی کرێکارێکی هەژارم خوێندەوە کە  بەدەستی زێرەڤانانی  پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید کراوە  لەناخەوە هەژاندمی ، ئاخر ئەم وێنەیەی کەلەم ریپۆرتاژەکە باس کراوە  کارەساتی  یەکەم خێزانی هەژاری کورد نیە ، بە ڵکو ئەمە ئازاری هەزاران خێزانە کە چرکە و ساتەکانی خۆشی ژیان ڕۆژانە  دۆزەخ ئاسا بەرێوە دەبەن و سەرۆکی کوردستانیش مژدەی ئەوا مان دەداتێ  کەلەماوەیەکی نزیکدا  کوردستان دەبێتە دوبەی . ناهەقی سەرۆک نیە ئەگەر جارێک لەشوێنە گەرم و نەرمەکانی بچێتە نێو گەرەکە هەژارە دابڕاوەکانی  بێ ئاوو وکارەبا و قوڕ چڵکاودا ئەوکات دەزانێت لە نیشتمانەکەی چ  نا دادپەروەریەک هەیە؟ وەکوردستان ئەگەر بەشێکی دوبەی بێت ئەوا بەشێکی فراوانی  سۆمالیایە؟ .

بەڵێ بەڕێزان لەم نیشتمانەی ئێمەدا حکومەت باوکی دەوڵەمەندانە و دوژمنی هەژارانە ،  ئە گەرنا چۆن دەبێت خەڵک کەپارەی خۆیەتی لای حکومەتە لەبری ئەوەی لێ ی خەرج بکرێت  کەس نازانێت چۆن لێ ی دەخورێ !!؟؟

ئەوانەی باوک  و دایکن  دەزانن  کە خۆشی و ناخۆشیەکانی خۆیان لەژیانی منداڵەکەیان دەبینەوە ، هەر ئەمەشە وایکردبوو  کە  باوکێکی هەژاری وەک شەهید فوئاد بۆ دابینکردنی گەورەترین ئامانجی 7 منداڵی ساوای کەلە ڕۆژگاری ئێمرۆی کوردستاندا ،  دابین کردنی کەمێک نەوتە ،بەنیوە شەودا لەنێو سەرماو سۆڵەی زستاندا کاری کرێکاری بکات  تابە دابینکردنی خەرجی شەوانەی  هەندێ  گەرمی بۆ جەستە ناسکەکانیان بەدە ست بهێنێ  ،  کەچی پاسەوانانی گەل دەیدەنە بەر دەستڕێژی گولە !!! ، هەر بۆیە کە شەهید دەبێت دەستەکانی هەموی شەختە دەبێت .  یان دایکی فوئاد کە دەیان ساڵ بەکۆڵەمەرگی و هەژاری  ئەم کوڕەی بەخێو کردیە کەچی بو بە قوربانی  3 گولەی قارەمانانی زێرەڤان ، وەک خۆی

باس دەكات 7 مندالی بەكۆلەمەرگی بەخێو كردیە ، ئەوا 7 تریشی لەدوایین تەمەنی هاتەوە ڕێگای .
ئاخر لەنیشتمانی ئێمەدا هەموو كات لەبری ئەوەی دزە گەورەكان بخزێنە نێو زیندانە باستیلەكانی كوردستان دزە هەژارەكان دەگرن ، لەجیاتی ئەوەی یاسا لەسەر هەموو تاكێك بەر قەر بێت كەچی بەكۆ بەرپرسەكان نا گرێتەوە .

ئەوەی زولێخای خوشكیشی باسی دەكات كەلەژیانیدا براكەی بەجلێكی جوان نەدیتیە وە هەموو ئاواتی ئەو باوكە ئەوە بوە كەمندالەكانی تەنیا خانوەكیان هەبێت كەچی حكومەت بواری نەدا سەرەكەشی بۆیان داپۆشێ .

قسەی دوایی زۆر راستە حكومەتێك بۆ خەلكی هەژاران چی ئەگەر باوكێك بۆ هەتا هەتایی لە7 مندالی كۆرپە داببڕیت و لەژیانێكی دۆزەخ ئاسا ژیان بەسەر ببەن .. ئاخۆ دەبێت ئەی رەقیب و ئالای كوردستان و خۆشەویستی نیشتمان چ پەیوەندیەكیان بمێنێ لەگەل ڕوحیان دا ؟؟؟ .

ئەمەیە دادپەروەری كوردستان هەزاران ڤێلای زەردو سەوزی بەرپرسەكان ململانێ لەگەل ئاسمان دەكات ، كەچی خانوی بەنایلۆن داپۆشراو بە هەژاران رەوانابینن ، مندالانی خۆیان شاهانە ئاسا دەژین ، كەچی مندالی هەژاری كورد لەتەمەنی 10 سالیەوە دەبێت خێزانێك بەخێو بكات ، یاسا لە ڕێگای مەسیف شەقلاوە بۆنی نیە و لەمامزاوەش دەیانەوێت دادگای لاهای بەرقەرار بێت!!؟؟.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم لینكە بكە.

http://www.awene.com/new2389/content.asp?contentid=1975